محمد توفيق ووردى

بەشیەکەم

( بەشی سورانی )

# فولكلوري كوردي



محمد توفيق ووردي

بەشی یەکەم

# فولكلوري كوردي

بەسی شیوە : سورانی ـ بادینانیو فەیلی

## بەشـی سـورانی

« مەبەسمان بوژاندنەوەی سامانی نەتەوایەتیـە »

چاپی یەکەم سالی ـ ١٩٦١

چاپخانەی ـ دار التضامن ـ بەغـــدا ـ

هەواڵنامەی کتێب

هەواڵنامەی کتێب

# سـەرە تا

فولـكلورى كوردى يەنى چى ؟

ووشەى فولـكلور ووشە يەكى بيگانەيە بەلام زورترين ميللەتانى روژ ئاوا بەكارى ئەهينن . بەعەرەبى پىى دەلـين « الأدب الشعبي » وە بە كوردى ناويكى تايبەتى نيە بەلام خوى بريتيە لە ئەو گورانىو چيروكو ئەفسانەو هەلبەستو قسانە كـە لـە كاتى كونەوە بەسـەر زارى بويژو پيرە كانەوەيە ، هەزاران سالە دەماودەم باوكو باپيرانمان بـو نەتەوەكانى خويان گيراوەتەوەو ئەوانيش لەبەريان كردوە ..

هەندى لەم چيروكانە بەهەلبەستنو بەشى تر پەخشانن ( نثر ) هەندى لە سەر زمانى دەعباو گيان لەبەرەو هەنديكى تر لە سەر ئادەميزاد داندراوە ، لاووكو حەيرانيش بەشيكن لە فولكلورى كوردى ، قسەى پيشنان ، مەتەل ئەوانەش هـەر وەها لە فولكلورى كوردى ئەژميردرين ....

ميللەتى كورد يەك جار دەولەمەندە لە فولكلورى كوردى دا بەلام داخەكەم هيشتا لەناوچەكانى كوردستان ئەو شتە بـە نرخانە كو نەكراونەوە ، لە كاتى خوى دا ماوەى حەفت سال خەريكى كو كردنەوەى ئەو شتانە بووم تا نزيكەى هـەزار لاپەررەم لەم گەنجينەيە كو كردەوە بەلام كاتى كەماليان پشكنيم لە قەلادزە پوليس هەمووى بردو ئيتر دەستم نەكەوتەوەو فەوتا.

كاتى كە لە ئيران بووم لە كاتى حكومەتى ميللـى

کوردستان دیسان گەلی شتم کو کردەوە بەلام دیسان لەبەر شەررو شور ئەوانیش فەوتان • پاش ئەوە کە هاتمەوە عیراق لە سالە کانی پەنجاو دوەوە دیسان دەستم پیکردو هەندی شتم کو کردنەوە دیسان فەوتا کە سالی ١٩٥٤ گرتمیان !!!

بەلام من کولم نەدا هەندی لەم شتانەم شاردەوە کە مابوون وە لەپاشا سال بەسال لەم لاو ئەو لاشتم کو کردەوە ••

پاش شورشی چواردەی تەموز فولکلوریکی کوردیم بو هات لە یەکیەتی سوفیات بەراستی زور سوودم لی وەرگرتو برا کوردەکانی سوفیەت شایانی سوپاسن چونکە نرخی ئەو شتە بەنرخەیان زانیوەو زور شتی نایابیان کو کردوتەوە •••

ماموستای بەرز ( حاجي جندی ) یەك جار ماندوو بوە بو کو کردنەوەی ئەو فولکلورە ، من زور شتم لیوەر گرت •• جا ئەتوانم بلیم کونەکردنەوەی ئەو شتە بەنرخانە یەکەمین کەم تەرخەمیو کورتی نووسەرەکانمانە کە زوریان خویان بە شتی بی مایەوەو پوچەوە خەریك کردوەو ئەو گەنجینە بە نرخەیان خستوتە پشت گوی •••

ئیرە دا من بەسی شیوەی کوردی فولکلورەکەم نووسیوە بەگشتی هەمووی بەشیوەی سورانیە بەلام زور شتی تریشی تیایە بە شیوەی کوردی بادینانی بو ئەوە برا کوردەکانی بادینانیش سوودی لیوەربگرن •••

دیسان برا فەیلیە کانیشم لەبیر نەچوو بەپیی توانام

هەندی هەلبەستم دەست کەوتبوو لە فولکلورەکە دا بە شیوەی فەیلی نووسیمەوەو لەژیرەوەش بەشیوەی سورانی وەرم گیررا جا هەموو کوردەکان ئەتوانن لەم فولکلورەی مـــن سوود وەر بگرن ، بەلام ئەم فولکلورە بەشی یەکەمە نیـــازم وایە بیکەم بە دە بەشەوە هەر جارە بەشیکی لەچاب بدەم •••

تکاشم وایە کە هەموو نووسەرو بویژو برا کوردەکـان لە هەر لایەك بن چیروكو ئەفسانەو شتم بو کو بکەنەوە کـــە لە بەشی دوەم دا چاپی بکەم وناوی خویو ئەدرەسیو وینـــە یەکیشم بو بنیریت بو ئەوە کە یاریدە دانەکەیم لەبیر نەچیت•• ئیتر هیوا دارم بە کوکردنەوەی ئەو گەنجینە بەنرخـــــە پیویستیکی زور قورسم لەسەر شانی میللەتەکەم سووك کرد بی

**بەغـدا : محمد توفیق ووردي**

هەوالنامەی کتێب

# حاجي قادر ئەلی :

ئەگــەر کوردیك قسەی بابی نــەزانی
محەقەق، دایکی حیزەو بـــابی زانی
وەرە با بوت بکەم باسی نیهـــــانی
تەفەنن خوشـــە گەر چـــاکی بزانی
صلاح الدین‌و نور الدینی کـــوردی
عەزیزانی جزیـــــرو موش‌و وانی
موهەلهەل ئەردەشیرو دیسمەمی شـیر
قوبـــادو بازو مـــیری ئەردەلانی
ئەمـــانە پاکیان کورد بوون نهایــەت
لەبەر بی دەفتەری وون بوون‌و فـانی
کتیب‌و دەفتەرو تأریـــخ‌و کاغـــەز
بە کوردی گـــەربنووسرایە زبانـــی
مەلاوو زاناوو میرو پادشـــــــامان
هەتا مەحشـــەر دەما ناوو نیشـــانی

بەلی وەکوو حاجی دەلی بە کوردی نەمان نووســـیوە
بویە وا بی ناو ماوینەتەوە • هەمیشە زبانی بیگانەمان کردوتە
ســـەر مەشق



هەوڵنامەی کتێب

# فهرستی

## بەشی یەکەم

### بەشی سورانی


بەیتی شەریف

کانەبی

هەرراوە رراوە

سوارو

لەشکری

ئازیز

وەران

ئەسمەر خانی دەلالی

یا اللە بیتە خوار

لاوژە

ئایشە گول

بەیتی باپیراغای مەنگورر

# بەیتی شـــەریف

دەلێن شەریف سەردار عەشیرەتی ( هەمەوەندان ) بوە ، لەگەل عارەبان کەوتوتە شەرر ، لەکاتی خوی دا تازە تفەنگی بی دوو کەل داهینرا بوو ، هەندیکیش دەلین شەریف لـــە حکومەتی ( تورك ) یاغی بوە هیزیکی چەکداریان ناردوتـــە سەری لە کاتی بەیەکا هاتن شەریف کوژراوە پاش ئەوە لـــە هیرش بەرانی گەلیکی کوشتوە •

دایکی شەریف بویژ ئەبیت جا کەمەیتی شـــــەریف ئەهیننەوە بو لای ئەو هەلبەستەی پی هەل ئەلیت بەلام داخەکەم تەواو نیە :

قـــەلغانی زەردە ماین چـــــون دینـــی
هـــەوری لـــە ســـــەری بادەی شەکینی
شـــەریفی مـــــەکوژن لاوی گـــەرمینی

★ ★ ★

قـــەلغانی زەردە ، ماینـــــی شـــــیبە
دەنگی تەپلیـــان دی لـــــە مـــیرە دیبە
شەریفی مەکوژن دوســـتی چـاو لیبـــە

★ ★ ★

دەورەی سلیمانیم بە قونگرەو پـــــــــردە

---

(١) ئەم بەیتەم لە کاك حمد امینی خەلـکی کوردستانی ئیران ــ مەنگور وەگرتوە



هەوالنامەی کتێب

جارر چی جارریان دا له شکرمان گـــرده
دەلـین سلیمانی حاکمـــەکەی کـــوردە

★ ★ ★

چەنـدم پی دەگوتی مەچـــو قـــەلاتی
شینکه کەم حوکمـــە شەش خان دەت گاتی

★ ★ ★

یاخوا ســـەربازان پەنجەیان بشـــکی
گولیکیان دابوو لـه گویی مـــەمکی
لەجیی ئەو گوللەی زوخاو دەتـــکی

★ ★ ★

قەلغانی زەردە مـــاینی بالـــەبان
دەنگی تەپلیان دی لەگردی سـەیوان

★ ★ ★

هاوار وەگەرری تـالان وەگـــەرری
پاشـــی شەریفی کەس نەکا شـــەرری

★ ★ ★

هاوارو ررو ررو تالان بـــه مـــالم
لەپاش شەریفی بـــه کـــوی زوخـــالم
خەبەریك بدەنە فاتمـــەی تیـــلاکو

---

(١) فاتمەی تیلاکو یاری شەریف یان دەست گیرانی ئەبیت ٠

هەواڵنامەی کتێب

مەمكیكی نارنج مەمكیكی لیمو
پاشی شەریفی كی بیان كا بو
دەورەی سلیمانیم ئەو رو گیراوە
جاررچی جارریان دا شەریف نەماوە

# بەیتی كیسەل(١)

علی بەردەشانی

خالق هەر ئەتوی بو خو
كولەسەم كرد بە پەمو
هات ئاوی لی نیم بو خو
كیسەلی لی گرتبووم جو
گوتم كیسەل هەستە بررو
ئیرە نیە جیگەیی تو
كیسەل لەجوگا هاتە دەر
دەی هاویشتمی پلەندەر
ررام كردی دەستەو خەنجەر
خەنجەریكم دا لە سەر
نەی دەبرری وەك ئاروی تەرر

---

(١) بەیتی كیسەل چوار سەد بەیتە داخەكەم هەمووم لابوو فەوتا .

خەنجەرم نابری بەنی
دەکیسەلیم وەژەنی
کیسەل پیم پیدەکەنی
هات کیسەلی گەناوی
لەدوور ررا تفەنگان داوی
هەوەسی دەچتە ماستاوی
هات کیسەلی بوکریسکان
تفەنگ لەشان دەبریسکان
بردی تالانی گیسکان

## کانەبی (۱)

کا نەبی خەلکی لاجانی بوە مالی لەگوندی ( خروج ) ی بوە کە گوندیکە لەناو مامەشان ، لەگەل نعمان ناویک بەشەرر هاتوە کە خەلکی گوندی ( بناوی ) ئەبی کە دەکەویتە نزیک شاری ( مەراغە ) هەردووکیان لەو شەررە دا یەکتریان کوشتوە جا یەکی لەشاعرەکان ئەو هەلبەستەی بو داناون وابزانم ئەوەش تەواو نیە :

...................

کانەبیم دەلی بەکوررانی
میر نەبیم دەلی بەکوررانی
زین بکەن شینکی قەزوانی

(۱) ئەم بەیتەشم لە حمد امین کویستانی وەر گرتوە •

دەچمە شەرری نەعمانی

★ ★ ★

کانەبیم دەلی بە دایکی
چەکان بینە بەر کوشکی
لەشکر زورە بوم ناشکی

★ ★ ★

کانەبیم دەلی دایە
چەکان بینە بیلایە
لەشکر زورە بنەی نایە

★ ★ ★

لەمەتریزان هاتە دەر
تیپ تیپ ئاغاو باب نوکەر
نەعمان کەلت گەیە سەر

هەواڵنامەی کتێب

★ ★ ★

دو سوار هاتن بەلنگ دان
جوگولیکیان بوو نیوان
سەرو رمیان لیک دەدان
ئیک کانەبی یەك نەعمان

★ ★ ★

شەررە لەپر دە بازان
دوو شیر لیک دەگرن گازان

★ ★ ★

شەررە لە گرد بوراقی
سواری ماینی گوی لەقی
عارەبت لەبەر دەتەقی

★ ★ ★

شەررە لەو دیوەو دیوان
مەکوژن بابی هەتیوان

★ ★ ★

یاخوا شەش خان نەمینی
هەر لە دوور دەترازینی
چون مەرد چاکان دەخەجلینی

★ ★ ★

شەرری نەلینی لەدەشتی
زینان هەل گرن بەپشتی
لەشکری حاکمن گەیشتی

★ ★ ★

شەررە خانە شەررە
قەلغانی سەر بە پەررە
لەسەر تومە ئەو شەررە

★ ★ ★

شەررە لەبینەی گیوژوکی
گوللەم هاتی وەك نوکی
کوشتیان لاوی فاتموکی

★ ★ ★

شەررە شەرری بەرانو شەکان
خان هەستانە سەر چوکان
خەنجەر نابررن پەستەکان

* * *

کانەبیم کورری کاوەیسی
سمیل پەرری تاووسی
ئەو لەنەعمان دەپرسی
نەعمان لەوی دەترسی

* * *

هەلات لەمن کانەبی
شوورە سواری عارەبی

هەواڵنامەی کتێب

# پیره ژن(١)

علي بەردە شانی

پیرە ژن کوســـت کـــــەوی
فاتمولەت ررەدوو کــــــەوی

هـــەشـــو مشـــکی قوتـــەری
بەسەر پیرەژنـــان گـــــەرری

پیرە ژنیك لەو لای رراهـــــــات
شـــینە وەکـــوو دووکــــەلی

ررەشــــــە وەکوو مەنجــــەلی
یـــارم لی هــــەل دەگـــیرری

بــو ئیـــــکی دی پی دەلی

پـــیرە ژنی ســـەر تراشـــاو
لەبـــو فتنـــەو گیچــــــەلی

دەســـــکانم لەدوا دەکــــــا
قەت لە کولم ناگـــــــەرری !

(١) علی بەردەشانی زور قینی لە پیرە ژنان ئەبوەوە چونکە زور جار تەررنیان پی ی کردوە •

هەوالنامەی کتێب

# هەرراوە رراوە رراوە(١)

هەرراوە ، رراوە ، رراوە
هی برا چە ررەشە رراوە
لە کەرکی ( حوسینی غازی ) رراومان دەکرد بلاوە
ئەو شینکەی ناو قەد باریک
لە نوارران پالی داوە
دەستم کردە تفـــــەنگی
بو خوم بوی چووم بەلاوە
کە لەکەی خوی وەر گیررا
شەوقی روژیی لیـــــداوە

★ ★ ★

لەبەر تفەنگی دانیشتم فرمیسکم هاتە خواری
وەک جوگەلەو رووباری •••
هەرراوە ، رراوە ، رراوە هی برا چە ررەشە رراوە

★ ★ ★

هەرراوە ، رراوە ، رراوە ، رراو لە چوم و چەم بەستان
ئەسپان زین و لغاو کەن ، تاژیان بگرن بەررستان

---

(١) ئەو هەلبەستەم لە کورریک وەرگرت کە خەلـکی گوندی لە گوندە کانی قەزای ( مەخموور)بوو لە بەندیخانەی هەولیر پیکەوە بووین بەلام داخەکەم ناوەکەم لەبیر نەماوە ••

هەواڵنامەی کتێب

هەرراوە ، رراوە ، رراوە ، رراو لەچومی زماری
ئەسپان زین‌و لغاو کەن ، تاژیان بەردەنە کاری
هی بریناتم تیمار کەن ، بەدەستی کەونە یاری

★ ★ ★

بە خوم بەتاقە سواری ، دام برری لە هەزاری(١)
لەبەر تەقەی تفەنگان هەل‌کشا بو کناری
لەبەر ررینگەی ئاوزینگان ، دەردەچوو لە محاری
لە (نارچەی )لی‌ی دانیشتم ، لەسەر گومی ( مشاری )
بە تیرت بریندارم ، مەم کوژە بەیەک جاری

★ ★ ★

هەرراوە ، رراوە ، رراوە
رراو لەبنەی ( پردی ) یــــە
ئەسپان زین‌و لغــاو کـــــەن
تاژی ناوی ( تورمی ) یـــــە
هی بریناتم تیمار کــــــەن
بەدەستی بووک ( عەیشی )یە

★ ★ ★

هـــــەرراوە ، رراوە ، رراوە
رراو لە کەندی ( باقرتی )«١»
ئەسپان زین لغاو کــــــەن

---

(١) ئەو گورانیە بەوینە یەکی تایبەتی بو کاتی رراو کردن داندراوەو نەغمەیکی تایبەتیشی هەیە ...

تاژیان بەردەن لــە ررستی
هـــەرراوە ، رراوە ، رراوە
هی برا چــە ررەشــە رراوە

## روژەك لەروژان

روژەك لە روژان ســەر لەسبیانی
یارم راوەستا لەزار هەیـــوانی
بەسینگی سپی بەدووچاوی ررەش
دەكا كوتانی ، دەكــا گریـــانی
بـوچی دەگرییی ؟ بابان ویـــرانی
هی كیـــژە جـــونی ....
چە كراسم نینە پی بكەم دیلانی !

علی بەردەشانی

---

(١) باقرت : گوندیكە ئەكەویتە دەشتی هەولیر ـ دزەییان

# سوارو(١)

شەرریکی سەخت لــــەبەینی رومی ( تورك )و کورد رووی داوە • کە ئەو لاوە ( سوارو ) ئەچیتە شەرر کچیك ئەبیت حەز لەسوارو ئەکات • جا کچە خەونیك ئەبینی کـــە سوارو لەم خەوە دا کوژراوە ، جا لە پاشا بەیانی کە شـــەرر کەران ئەگەررینەوە پرسیار لەبراکەی ئەکاتو پیی دەلیت :
( تو سوارو ئەناسی ئایا لەگەل ئەو سوارانەیە یان نە ؟ )

هەر چەند چاوە نواری ئەکات سەرنج ئەدات کـــــە خوشەویستەکەی ئەو ( سوارو )ی تیا نیە جا ئەو هەلبەستانەی پی هەل دەلیت ، بەلام بەگەلی جوور ئەو سواروویە بویـــژەکان باسی ئەکەن ئیمە لیرە دا دوو جوورمان لەبەندی ســــــوارو خستە بەر چاوی خویندە وارانی خوشەویست :

★ ★ ★

سوار مەزنی بـــەمنی مـــەزنی
سەرت لە پولای چەنگت لە ئاسنی
هەر قەلاتەکی دەچی‌یی ، ئەتوی لەبنی
هەر حاکمیکی زەرەندەیە ئەتوی لە کنی
شا لە سەر تەختی تارانی لەبەر سامی تو ناسەکنی
سوار ئەمن ئەوی روژیم پی جوان بووی
دەستت دەدا شیریکی فەنەر ،

★ ★ ★

---

(١) ئەم بەیتەش حمد امین لەبەری بوو نووسیمەوە •



هەورامانی کتێب

دات دەهینان کەپوو لوتی ( دەعەلی بەگی داسنی )(۱)
ئاغام بانگێ دیلی گەلی دە نوکەران
نوکەز دەلین بەلی ئاغا چیە ؟
دەلی سوار بن لە بوران ، لە بدەوان
دەپەنا سەری خو رراکەن پەرریکی دە بە گول‌گولیە ،
مەیتی ئەوی حدود ( سوار )ی هەل بەستن ،
لەحەلی دە ررمبان ، بی بەستن بە زولفی دە ئەسمەران
بی پیچن بە زولفی دە شا کەزیان
بی هاوینە سەر شانی دە کوررە ( رەوندی )یان

★ ★ ★

نایە قەزای حدود (سواری)م کەوی لەماینی (نصرالدین‌شا)ی
بەلا گیرری سواری چووکەلەبی مالی کاولە دنیایی
دەك گلی دە گوران خوایان لی هەل نەگری
دەنگی حدود سواریم دە پیش تیپی دە وەزیر ئەعزەمی دا نایی

★ ★ ★

لەشکریك هەلستاوە لە شکری (شام) و ( شیرازان )
پیشی دەشتە سەر عەسکەران دوایی رادەوەستا ،

---

(۱) دەلین علی بەگی داسنی پاشای کویرەی رەوانـــــدز کوشتویەتی دوور نیە کە سوارو سەر کردە یـــەکی لەشکری شا کویرە بوو بی هەندیکیش دەلین شـــــا کویرە علی بەگی بەپردی رەواندز هەل واسی •

له سه‌ر چومی ( کافور )و ئارازان(۱)..
ده‌په‌رریه‌وه به حوکمی که‌له‌ك‌و گه‌میان
کیژ دەلی دەستی منوو به‌دامین بی زینان به‌ر نه‌کن ،
سه‌را جان شیران به‌رنه کن شیر گه‌ران ...
تفه‌نگان به‌رنه سه‌ر چه‌خما خ‌سازان

★ ★ ★

سوار ئه‌تو سواری ، سوار سواری دیاری
شیرت بو دی له غه‌زنی شای ...
مه‌تالت بو دی له کن خوند کاری
سوار ئه‌تو روی خوت وه‌ر بگیرری له هه‌زارو پینج سه‌دسواری
لیت حه‌رام ده‌کەم خه‌لوه‌ی ده‌مانگه شه‌وان ،
نیوانی سینگ‌و مه‌مکان قه‌تت ناده‌می ،
جوتیك شه‌مامه ره‌نگینه‌ی سه‌ر به‌خووساری

★ ★ ★

سوار ئه‌من چه‌ندم پی ده‌گوتی مه‌ررو به‌ته‌نی
جه له‌بی عاره‌ب سوارانت ده‌گـــه‌نی
برینانت دینه‌وه له بـــه‌ده‌نی
کیژ دەلی ده‌ستی منوو به‌دامین بی
له‌بوم بلین به‌وان حه‌کیمان
شـــتاقه ده‌ســـتانی نـــه‌که‌نی
ئه‌بخوم مه‌لحه‌میکی له‌بو ده‌گرمه‌وه :

---

(۱) مه‌به‌سی له زیی ئاراسه

لەحیلی ، لەدار چینی ، لە قەنەفلی ، لە ووردە گولی ،
لە توزی شەدی ، لەژەنگی گواری ،
لە ئارەقی دە بەر گەردەنی !!•••
دەی هاویمە سەر برینی دەوی برینداری
نەبادا لەمنی سەر شینی بی‌نیتەوە تەشەنی !

## ئەگەر بەد کار لی بگەرری !

ئــەگەر بـــــەد کار لی بگــەرری
گورگ دەگەل پــیرە مـــەرری
گەر بیگاتــی لـــــەوەرری
چی پی نـالی‌لیی دەگـــــەرری
چی پی نـــالی ســاقن ساقن
گورگ‌و مەررو کەرو بــــــزن
وەک عەشـیرەتان یەک دەبن
یــاخوە بەد کـــار هــەر بمری
کــەری لە کیــوان بخـــوری
مانــگای پــــیر بی‌و کەل نـــەگری
رەزی نـــەگری بارەک تـــری
« علی بەردە شانی »

هەواڵنامەی کتێب

# جووتی کەوشی ررەش هاتن !

جووتی کەوشی ررەش هاتن
لە سلیمانی دراوە
ژیریان چەرمی گامیشە
ناو فەرشی چەرمی خاوە
قوربانی وەستاکەی بم
شفرەی پی دا هیناوە
شاگرد بە قوربانت بم
وورده تەریبت داوە
هی گولەی پیسەی خەسیسە
چیت لە یاری من داوە
پەستەك وەکو شەداوی
لە شانو ملت ئالاوە
ررانکت دەلیی فستانە
لە قاچو قولت ئالاوە

ئەگەر یاریم ناناسن
باریکەو بەلەك چاوە
قەدی نەمامی عەرعەر
لاو لاوی تی ئالاوە

« علی بەردە شانی »

# لەشکری

پاش ئەوە کە نامیلکەی خانزادو لەشکریم چاپ کــــرد گەلی شتم دەست کەوت کە مخابن دوا کەوت و نەم توانی لە نامیلکە کە دا چاپی بکەم ئەو بەیتانەی خوارەوە کاك حمد امین یەکی لەپەنا بەرانی سیاسی لەکوردی ئیران لەبەری بوو کــــە چووم بو سلیمانی نووسیمەوە :

سەری من دیشی ، دلی من لەژانە
روژی لە من مەعلوم دەکرد ، زاهیري دەکرد بەیانە
شەوق و شەبەقی خوی دەدان
لە پەنجەرەی سولەیمان بەگی قولی بەگیانە
ئەمن دەچوومە دیوانی ئاغایی چەلەنگ
لی ی راخرا بوون مافوورەی بەگ رەزی خوراسانە
لەسەرە وان مافوران داندرا بوون
کورسی سەندەلی پیچك زیوو زیرر نیشانە
لەسەر وان سەندەلیان دانیشتبوون
بەگ زادەو کوررە بەبانە
قەلنەی دەمار پیچیان پی بوون
پەلووی دارە عودی یان لەسەر داددنانە
مودنەی کارەبای زەردیان
لەسەر سمیلان دەگەررانە
ئەمن دەچوومە جوبە خانەی ئاغایی چەلەنگ
لیم دەر دەکیشان پینج سەد رمبی کوب رەشی دار حەیزەرانە

ئەمن دەچوومە جوبەخانەی ئاغایی چەلەنگ
لیم دەر دەکیشان پینج سەد مەتالی گوی فیلی کەرکەدەن بــــن
بەجولانە

ئەمن دەچوومە ئیختەر خانەی ئاغایی چەلەنگ
لیم دەر دەکیشان پینج سەد بوروو بدەوو کــویتی قاپ رەشی
کللك لەسەر چوانە
ئەمن دەچوومە سەراج خانەی ئاغایی چەلەنگ
لیم دەر دەکیشان پینج سەد زینی مورسایی لەسەر تاقەو رەفحانە
ئەمن دەچوومە دیوانی ئاغایی چەلەنگ
لەدەستە راستیی راوەستابوو پینج سەدی کاتب بە دەست ،
لەچەپەی پینج سەد دەی دا فەرمانە
ئاغایی من نوکەری خەلات دەکردن
سەرپاك بەرات دەدرانە ....
سەفی سواران تەواو دەبوو لەپینج سەد سواری
پی‌یان دەرکیفان دەنا ، وە سەر خانەی زینی دەگەررانە
ئاغای من راوەکی داویشتە گردی کەکونی
زەویی چل پشکی ، کانی‌یی خەروەتاوی ،
دەربەندی گولی دەبەبانە ...
لەدەستەوان قوش چیان بلیند دەبوو
بازو شەهین‌و سەقەرو قرلغو تەررلانە

مراویلەی دەپەرر کەسك غەمزەیان رری دەنیشت
روویان دەکردە گومی لیل‌و پەرری ،

هەوالنامەی کتێب

ئاوا دەبوون لە گولی دەبەبانە ...
ئاغایی من راوی بەتال دەکرد
دەگەرراوە دەر کیوی مەزنە مالی
لەشکری دەس کردە سەر رەو دەی کوت ( خەزال )
ئاغایی چەلەنگ لەتو میوانە ...
خەزال بەنیکیکی توق‌و تەلەسم وە لەشکری دەدان
دەی کوت : لەبو ئاغایی خوتیان بەرە بەنیشانە
حەیفیك‌و سی سەد حەیفم دەکوژی
لەدنیایی لەبو ئاغایی چەلەنگ
بەپیالە کەژەهری ماریان دەکرد بی‌گیانە

★ ★ ★

سەری‌من دیشی دلی من بەدەردە
ئاغایی من سوار دەبوو لەکویتیکی کەللە رەقی دامین زەردە
جوتە تاژیلیکی دەرستی دا قوتەو گەردی
راوی خوی دادەبەشی لەزەویەکا بە کەلەك‌و بەردە
شینکی مات‌و مەلولی هەل دەستاند
جوتە تاژیلە لەرستی بەر دا
هیندەیان نەدەهیناو نەدە برد
شینکیان دەگەردالەکە توزی وەردا
ئاغایی من سەری شینکیی هەل دەبرری
بەکیردەکە فەنەری بەر دەسك زەردە
پاشووی شینکیی دەگرت‌و پیشووی شین کیی بەردا

هەوالنامەی کتێب

پاشووی شینکیی وەبەر بەن ساموتی دەدا
ئەمن حەیفیكو سی سەد حەیفم دەكوژی
لەوی كاولە دنیایی لەبو ئاغایی چەلەنگ
بە پیالەكە ژەهری ماریان دەست پی لەدنیایی بەردا

★ ★ ★

دیسان ئەو بەیتانەی خوارەوەش لەلایەن كاك تومـــــا خوشناوە وە لە بەغدا بوی ناردووم ، كاك توما پیش ۳۰ سال لەقوتابخانەی شەلاوە قوتابی بوە ، خوا لی خوش بوو ( ماموستا قەشە جبرا ئیل ) كە ماموستایان بوە ئەو چەند بەندەی فیر كرد بوون ئەوەی كە لەبیری مابوو بوی نووسیم زور سوپاسی ئەكەم وا منیش چونی بو نوسیوم وام چاب كرد :

★ ★ ★

لەوی دەورم دە نورری
لەوی زەمانم دە نورری
لەدەوری قوباد خانم دەنورری
لەدەوری شاهی ئەنەوشیروانم دە نورری
هەتا ئـــەوی زەمانی
هەتا دەوری قوباد خانی
هەتا دەوری شاهی ئەنەوشیروانی
هەتا دەوری جمجمە سولتانی
یەكیكم نەدیت وەكوو سولەیمان بەگی میری هەریری
لەدیوانی حیزە رومیان هەل بستی بە گرانی !!

ئەو رروکە سەری من دەییشی
دلی لەشکری ئاریانی قەت هیدی نابی
لەبەر گریانو لەبەر ئەوان هوردە گلەییان
ئەگەر روژم لی هەل هاتبا لە هەموو قەدەمو حەوشاران
دەداتن لەسەری هەریرو هەریر بەگیان

دەداتن لەوان نیك بەهوزارانو دەسروك هەوریان
دەداتن لەوان کەپو بەخەزیمو دەست بە بازنان
ئارەقیکی تنوکە بەتنوکە دەچورری لە گەهو شا کەزیان
سولیان تەنگن بەشەکرو پارەن دەگوشن پەنجانو پانیان

★ ★ ★

شاییەك دەگەری لەسەری مەیدانی
تیی دایە ئایشە خانی سولەیمان بەگ
لەگەل میرەمە دیانی ...
لەشکری ئاریانم دەلیتن :

ئەمن لەپاشی ئاغەی خو چەتفەنگان هەل ناگرم
چە خەنجەران دەبەر پشتی خو ناکەم
هەل دەگرم کەشکولیکی دەرویشان دەکەومە دونیایی
ئاغای من چویتەوە دیوانی ئەوان حیزە رومیان
نایتەوە هەتا ئەبەدو ئەبەد ئەبەدیان !!

★ ★ ★

ئەم بەندەی خوارەوەشم لە ناحیەی ( خوشناو ) هیران کە



هەوالنامەی کتێب

سەر بەقەزای شەقلاوەیە دەست کەوت مجید بەگ لەبەری بوو نووسیمەوە :

سەری من دیشی ، دلی من دەکا وەردی دەکا وەردینی
کولـکەکم هاتیە لەگەرووی ، بریوانی دایمە بنی پشپینی
سینگی ( حەیشـی ) حسین بەگان لەبو من بمینی ...
بەو دەزگای حەزرەتی ( داود ) پیغەمبەری
ئەوەتە لەقوجە ( موصلی ) رەنگین ...
هەموو سبەنیان دەگەل سەحەری بەیانی
ئەوندە وەستاو وەستا کاران ،
بەچەکوچان دادەررسینی
روومەتی ئەو نازدارەی لەبو من بمینی
بە خونچەی سور گولان
دەپشکوی لە باخی ( میر سولەیمان بەگی ) ،
دە ( میر قولی بەگ ) یان بلبل وحەیرانی دینی
بەژنی ئەو نازدارەی لە بو من بمینی
بەو شەنگەبیەکەی کە هەموو ئیوارەو سبەینان
شەغەری خوی شورر دەکاتەوە
سەر میراتە قولەتینی ...

رەبی ( لەشکری ) کورە بی کو دلت هاتەوە
لەگەل ئاغای خوت کردەوە خاینی ،
وە بەجیت هیشت لەو دیوانەی حیزی ( رومی ) یان
بە فنجانەکی ژەهری دەیان بردەوە مردنی

## هەناسەم

هەناسەم زولفەکەی لادا
چەمەیلیکی نەکردچاوی
نەسیم رابردوشەو ئەنگوتو
دوونیرگز هەر لەخەودایە

هەواڵنامەی کتێب

## خانزادو لەشکری

ئەگەر ئەتەوی چیروکی لەشکری باش تی بگەی ناملکەی خانزادو لەشکری بخوینەوە لە زنجیرەی « میژووی کوردو کوردستان بە چیروک » ژمارەی یەکەم لە نووسینی نووسەر

# ئازیز(١)

ئازیز لە منی ، لە مالە بابەکەی منی
ئەمن کەپرەکی لەبوماشوقە کەی خودەکەم
ئەوکەپرەی کولەگەی داری سەندەری
کاریتەی ررەشە ررەیحان بی ،
هەلاشی لە پەلـکی سورە گولی !
سەبروکەو نەرموکە دەستی من دامەنی شەوبای ،
شەوی بی ، بداتن لە سوانی کەپری
نەکوو گەردەنی زەردو دو دەستی بەبازن
زولفی بە خەنە ، دوو چاوی بەلەك لە بن دا بغەجری

★ ★ ★

ئەمن لانکەکی لەبو ماشوقەکەی خو دورست دەکەم
هەر لەداری درری •••
وەستاو وەستا کار بین لە ( حەلەبی ) ، لەشاری قوجە ( موصلی )
نەکوو ئەو لانکەی ماشوقەکەی من گەلەك گەورە نەبرری
ئەو ماشوقەی من شەوی هەل بستی ،
لە سەر ئەو لانکەی ، مەمکی گەلەك کورتە
نەکوو نەگاتە دەوری کورری !

---

(١) ئەو سترانەم لە مام حمد امینە کویرەی خەلـکی گوندی ( دیگەلە ) کە لە سەر ریگای کویەو هەولیرە وەرم گرتوە لە سالی ١٩٥٥ کاتی کە لە بەندیخانەی ( کویـــــە ) حەپس بووم •••



هەواڵنامەی کتێب

ئەمن لانکەکی دیکە دورست دەکەم
لەبو ماشوقەکەم هەرلەداری توە
وەستاو وەستا کاربین لە حەلەبی ، لەشاری قوجە موصلی
هەتا وی ررا بگا زوە ...

★ ★ ★

ئازیز ئەو کریکانەی(۱) کە لە بووهاری پەیدا دەبی
گروکی ( گاگرو ) یی دەچوە کن کروك ( نیسان ) ی
دەچوە کن گروك ( میلاق ) ی ، عامی گولان خرر دەبوونەوە
دەچوونە کن ( خاوی ) ، ( گیابەند ) ی ، ( هیلی ) ، ( جەوزی )
( قەنەفلی ) .
دەچوونە سەلاو کاری کریکەکەی ( بیزای ) ی ...
دەیان گوت :بزانە کیهەمان تەنک ترین لە رووومەتی لەیلایی !
دەیگو : خانەو ویران بی ، ئەنگو چەندن هەندەی دیکەش بن
نایین بە خالەکەی کە ررسکایە لەرووومەتی لەیلایی !

★ ★ ★

ئازیز ! ئەمن چەند گەررام بەشیتی ، بە سەودایی ، بە قەلەندەری دەچوومە شاری (کویی) ، دەچوومە حەماموکی(۲)
داوەتەك(۱) دەگەررا
چاویك بەچاوی ماشوقەکەی من دەچوو

---

(۱) کریك ، کروك : گولە (۲) حەماموك سەرچاوەیەکە ئەکەویتە روژ ئاوای شاری کویی
(۱) داوەت : یەنی شایی

دەی گو : خانەت ویران بی
ئەتو نازانی ئەوە میرەمە جوە(۱)

## وەران (۲)

ئەی داد وەرە وەرە ،
سەری من دیشی ، دلی من چەندی بەووسی ووسی
چاوت لەبو من بمینی بە چاوی باررە کەوی
کە بەری خو دەدەنە دەشتی سەنگانی
دەنوررن لەبو کاولە ( سندوسی )(۳)
گەردەنی بەژنی باریک لەبو من بمینی
بەو ماینی ( عەدال ) سەری رردەکیشن
( لەدەرگەی ) حاجي یاران ( ، لە قەرەچووغی موبارەك ،

---

(۱) میرەمە جوو دایکي عەزرەی بو لە کاتی ( کچی ) دا پیرەکان دەلین هەموو لاوەکانی کویی شیت کرد بوو ، هەر وەها (بلبل) کە کچیکی تریش بوو ئەو دەورەی گیررا ...

(۲) ئەو مقامەشم هەمیسان لە حمدامین کویرەی دیگەلەی وەرگرتوە .

(۳) سندوس دەشتیکە لە کوردستاني ئیران لە نزیکی شاری تەغەدە .



هەولنامەی کیر

له سولتان ( عەولای عارەبی ) ، له حەویجەو حەویجان،
لەبەرایی خێلو مەررو مالو وورسی •••
سینگی لەبو من بمینی بەو کاغەزی ( سەمەر قەند )ی
کە مەلای ( ماوەران )ی سەر مەشقی لو فەقی یان لی دەنووسی
زور حەیفی من دی کە یەکیکی وەکی گولەی میردان ،
پیسی بو گەنی ، کەلەبابی سەر بارە داران ،
گیسکی باروو بوان ، خوند کەرەی ،
ئەنگوتك ژمیرە ، بیتەوە له دەردا ،
له بەژنی باریكو دوو چاوی بەلەك بپرسی !!

★ ★ ★

سەری من دیشی ، دلی من چەندی بەکەوە کەوە
دەچوومە سەری پیر مەم گورانی •••
کەوی پی سورم لی دەبوون بە تاقو جووت
سوسکە گرژەکەی مال ویران ،
تییان دەکەت تەفرەقەو رەوە •••
بەو عالەم اللەیەی نویژی نیو ررانی یە ،
بە منی غەریب تاریکە شەوە •••

لەزارم برایە خواردنو خوراك ، له چاوانم بررایە خەوە••••
برینی هەموو بریندااران سارریژ بوو
ئی منی غەریبی ، هەموو سەرو بنی مانگان وەبن دەدەنەوە!!
کیژ دەلی : قەت دیار نیە ئەو هیتیمە لاوە
لەوی سەفەری بیتەوە ؟



هەوالنامەی کتێب

له بوی بترازینم کلیلەی سینگ‌و مەمکان ،
له بوی بینمه دەری ، جوته شامەی باخەلی
ئەو جا سی راموسانان (۱) بکا له چاوی بەخەوه !

★ ★ ★

سەری من دیشی ، دلی من هەر ئەوا لیدا
چەندی ئـــەوا لیـــدا …
کیژ دەلی : مالەک دەبەر مالی مەدا
هیتیمەکی بیژی‌و منافق‌و شەیتانی تیدا
چەند پیره ژنی ئەو گوندەی هەبوون
هەمووی رړادەسپاردن لەبو کنه من
بەلام قەت قسەکی خوشم وەو هیتیمه لاوەی نەدەدا !!
ئەو شوکه لەسیباری نیوه شەوی
دەستەکی ساردو گەرم‌و نەرموکه
دەهات بەسەر سینگ‌و مەمکی من دا
لەزگ بوو له هاوارو گریان‌و دادو فیغان دەم
وەکی چاوی خوم بلند دەکرد ، هیتیمه وەران بوو !!
دلی من چه فتوای نەدەدا !!

---

(۱) راموسان : ماچ‌و موچ

# ئەسمەر خانی دەلالی(١)

ئەو جەلەبەم جەرەبە ، ئەسمەر خانی دەلالی چاوت
چاوی غەزالی ...

★ ★ ★

ئەو جەلەبەم کاوررە
بردمە وولاتی ناو کوررە
دام بەجوت مەمکی خررە
ئەسمەر خانی دەلالی
چاوت چاوی غەزالی

★ ★ ★

ئەو جەلەبەم بەرانە
بردمە ( جزیرو بوتان )ە
هەمووم دا بە کلدانە
لەبو دوستو یارانە

★ ★ ★

ئەو جەلەبەم گیسکوکە
بردمە وولاتی ( دهوکە )
هەمووم دا بەنەینوکە(٢)

---

(١) ئەو هەلبەستە شم دیسان لەبرا مەخمور یەکە وەر گرتوە .

(٢) نەینوك ، نەینك : ئاوینەیە

هەواڵنامەی کتێب

هینام لەبو ( ئایشـــــوکە )

★ ★ ★

ئەو جـــــەرەبەم هـــەزارە
بردمە وولاتی ( ژەنـــگارە )
هەمووم دا بــە گـــــوارە
ئەســـمەر خـــــانی دەلالی
چاوت چـــاوی غـــــەزالی

هەواڵنامەی کتێب

## چاوە نوار بن

بەیتی ئاورەحمان پاشای بەبە بەشی دووەمی ئـــــــەم فولـکلورەیـــــە پاش چـــــاب کردنی بەشـــی یەکەم دەرئەچی •

# گوندی یار تیدا (١)

گوندی یار تیدا خاکی چەند شینە
مەعبەینی مەمکان حەوزو کانینە
حەفت بینم لیدا هیشتا تی‌نیمە

گوندی یار تیدا بەچیکە چیکە
مەمکی ئەو کچەم زەردە فەریکە
ئەمن‌و ئەو کچە روحمان شەریکە

گوندی یار تیدا بەقوررو بە ئاوە
وەرە سیبەری دەری هەتاوە
سینگت دوشەگە بوم رراخراوە

مەمکت بالیفە پالم پی داوە
گەلەک ماندی بووم ماندیم حەساوە
ئەو کچە بووکە ئەو کوررەش زاوە

گوندی یارتیدا خاکی چەند زەردە
مەمکی ئەو کچەم سیوی حەفت رەنگە
سەرت بلند کە گەردەنت زەردە

گەردەنی زەردە خەناوکەی لیدی
سینگی سپی یە بەربەنەی لیدی
تیلاکەی خوارە گوارەی لی دی

کەپووی خەفیفە خەزیمەی لی دی
بەژنی باریکە کەمبەرەی لی دی

---

(١) ئەم هەلبەستەشم لەبرا مەخمووریەکە وەرگرتوە

بینه ماچت کەم یاری خـــەوم دی !
گوندی یار تیدا خاکی چەند ســـورە
ئەو کچـــە جـــوانە دوژمنی زورە
مەمکی هەر دەلیی کارکە گنـدورە !

## هەی نار

هەی نار هەی‌نار باوانـــم یــــار
گـــەرنی زەردت لەگولەی خەسار
دیسان شەو هات بو حالی مـــن
لەو دلـــەی پرر خەیـــالی مـــن
عـالـــەم ســـوتا لـــە نالـــەی مــن
هەی نــــــار هەی نــــــار
باوانــــم یــــار یار بەخـــیر بیی
بەلەنجـــەو لار
زولفت بـــــەریز بـــــەر دانـــەوە
بەبای عیشـــوەی دەخـــولانـــەوە
کونــــــە برینـــم دەکـــــولانــــەوە
هەی نار هەی نـار بـــاوانم یــــار

هەواڵنامەی کتێب

# یا الله بیته خوار !

یا الله بیته خوار ئاو له چیـــایه
بادەکی خەنەی لەزولفان نایـــه
سەر بیری دانی لەنـــاو گیایه
بەپیش بیریان کەفت (فاتمی مەلایه)

★ ★ ★

یا الله بیته خوار ئاو لـــەوی تیشی
بادەکی خەنـــەی نا لەزولفی شی
سەر بیری دانی لەناو قـــەمیشی
بەپیش بیریان کەفت سەر بەگولو ریشی

★ ★ ★

یا الله بیته خوار ئاو لەوەردییـــه
بادەی خەنەی نا لـــەزولفی شییه
بەپیش بیریان کەفت رومی ( عەیشی )یه

★ ★ ★

یا الله بیته خوار ئـــاو له ئـــاقـــاری
سەری بیری دانی لەبنەی کەنـــدالی
بەپیش بیریان کـــەفت رونی غەزالی

★ ★ ★

یا الله بیته خوار ئاو له خەلـــەکان
شیر مەشکی هەل گر هەل که بەلەکان



هەوالنامەی کتێب

بەپیش بیریان کەفت روینی وەردەکـان

★ ★ ★

یا الله بیتە خوار ئـاو لەمـەزرایە

جامەکی خەنەی لەدەستی نایــە

بەپیش بیریان کەفت ( بەهیەی مەلایە )

دولم لەبوی چوو روحم نەمایە (١)

## مەمی و ئایشی

چیروکیکە لەبەشـــی چوارەمی فولـکلوری کوردی دا بلاوی ئەکەینەوە • تابلیی چیروکیکی عاتیفی یە دوو نووسەر نووسیویانە ( سیراس ) و ( ماموستا جلیل جاسم )

---

(١) ئەم هەلبەستەشم لەبرا مەخمووریەکە وەرگرتوە •



هەواڵنامەی کتێب

# لاوژە (١)

ئەتو هەریی‌منی ، هەریی منی ، هەریی منی
هەموو عالەم دەزانی کە روحی لەبەر بەدەنی منی
بەخەلـکی هەلالی ، بەمن سوسنی ...
بەخەلـکی سوسنی بەمن بەیبونی ...
بەخەلکی بەیبوونی بەمن ،
کارتە ررەشە ررەیحانە کانی پەلك کورکنی

★ ★ ★

سەری من دیشی ، دلی من دەنالی
چاوت لەبو من بمینی بەچاوی بارره کەوی ،
هەر دوو بروت لەبو من بمینی بەپەرری ررەشە داری
چەندم لەگوی یان خوش دی
چروکەی سووسکان ، لەگەل دەنگی کەو بارری ،

★ ★ ★

سەدای لاوژە بیژان ، لەگەل پیرە هەرامە شاخداری
ئەمن سی گراویم(٢) هەنە ، هیکیان پیرانە(٣) ئـەوی تکەیـان
سورچی
ئەگەر نازانی ئەوی تکەیان بەئەسلی خوی زراری

---

(١) ئەم مقامەشم لەمامحمدامینە کویرەی خەلکی گونـــدی
( دیگەلە ) وەرگرتوە
(٢) گراوی : دلدار (٣) پیران خلیل بلباسە

مەمکی ئەوی پیرانیم لەبو بمینی ،
بە قوبەی آلتون مامەندی
( قەرە نیاغەی )(۱) دەی دا لەچار قوررنەی مەتالی
هەن یی(۲) ئەوی سورچیم لەبو بمینی ،
بەو مانگی هەل دی لە مابەینی هەورو سامالی
پەرچەمی ئەوی زراریم لەبو بمینی
بە ئاوریشمی بەمثقال دەی فروشن
لەسەر دوکانی عەتاری ....

* * *

ئەمن دەچوومە بەرایی کوچو کوچ باری
دەچوومە دەربەندی ( رەمکان ) ،
سەلامەکم دەکرد لەبەררووی، لەمازووی ،
لەچیای ، لەلیررەواری ...
تەمەنایەکم دەکرد لەبەر (شن)و کەوەتو دار ( دیدار ) ی
دەم پرسی لەدارە بەنی مال ویران : ئەتو لە بوچ وهـــا روتو
رەجالی ؟
دەیگو : خانەت ویران بی ئەتو نەت زانی بەوی پایزی ،
(هەلو)(۳) دەهاتنە خواری ،
دەیان دامەبەردەوی بیورو شەقەی مشاری
ئەمنیش چرووزەم دەیناوە ،

---

(۱) قەرەنیاغا ـ سەروکی خیلی مامەش بوە ئیستا نەماوە
(۲) هەنی : بەگەردن دەلین (۳) هەلو : دوم

شەختەکی لەمن ئەنگافت ،
پەلکم وەراندە سەر ئەوی کاولە رووباری

★ ★ ★

ئەوجا دەچوومە بەرایی خێڵو خێلە واری
دەچوومە چیایی ( سام رەندان ) ،
هوررنی ( بالەکیان ) ، میرگە چەکوی ( شیخ مەموودیان ) ،
( کانی خولای ) ، ( سینگرەو سیبەران )
( کەرکەشو هەوارە گورگان ) ، دەچوومە ( قەندیلی مـــام ئاکویان ) ،
دەگەیشتمە گەردنی زەردو دوو چاوی بەلەك
لەدەراوی کانی ( مام جەرداری ) ، سی ماچم لی دەکرد !!
هاوارم بەبەر تو خودایە ،
ئەگەر ماچەکیان حەررام بی !
ئەو هەر دووکی دیکە بە حەلالی !

★ ★ ★

سەری من دیشی ، دیسان دلی من دەنالی
ئەمن حەسودی نابەم بەمیری ( جافان )
ساحیبی چل هەزار مالی ...
بەدانیالە جووی(١) مەجیدی دەنان لەچینی دیواری

---

(١) دانیالە جوو ـ یەکی لەجولەکەکانی خەلکی کویــــە بوە زور دەولەمەندو بەخیل بوە .



هەورامەی کتێب

حەسوودی نابەم بەخیلی ( هەرکی )
ساحیبی مەررو مالی •••
حەسوودی نابەم بەمیری ( خوشناوان ) ،
ساحیبی پینج سەد تفەنگی ( لاری ) ،
حەسوودی نابەم بەو ( مەلا بکراغای)(١) لە کویی
دراوی(٢) بەبیلی دەکردە خراری !!
ئەمن حەسوودی دەبەم بەبەژنەکی باریک ،
و گەردەنەکی زەردو ، دوو چاوی بەلەک ،
بی گەمی لەکولانەکی تەنگ‌و تاری !!
ئەمن سی ماچی لی بکەم ! هەرسیکیان بە حەلالی !!

هەولێرنامەی کتێب

## بەشی فەیلی

بەشی پینجە می ئەم فولـکلورە بەشیوەی فەیلیە کەبویە کەم جار بەوشیوەیە نامیلـکەی کوردی چاب ئەکریت

---

(١) مەلا بکراغا : لەدەولەمەندەکانی بەنـــاو بانگ بوە باپیری عەولا غایە •

(٢) دراو : پول ، پارە •

# ئایشـــه گول

ئایشه گول دەست گیرانی سەعید بەگی بنی عەلەمان بوە ، ئەو سەعید بەگە زور ئازا بوە ، دەلین چوتە شەرری خیـــــلی مەوالیان و لەم شەرره دا کوژراوە ئایشە گولی دەســـــت گیرانیشی بویژ دەبیت ئەم بەندانەی پی هەل ووتوە وە تامردوە شووی بە کەس نەکردوە لیرە دا ناوی بەسوارو ئەبات ، من وائەزانم بەندی ( سوارو )کە لەپیشا نووسیمان هەر ئایشـــە گول خویەتی ، ئەو بەندانەشم لە دووکەس وەرگرتوە ( مـام حمدامین دیگەلەیو سمایلی پوستەچی ـ سمایل کوردە خەلکی کویە ) ...

★ ★ ★

سوارومئاغان بانگ دەکرد بەعام دەگوت بەلی
کیژ دەلی : سوارو ئەگەر ئەتو دەچیە سەفەری
وەرە بت دەمی توقان ، تەلەسمان ، بەنتكو گواران ،
بە سەر وەستاو وەستا کاران ، بکە زرەی داودی ،
شیری قاپ لە مەتالی ، حەیزەران ، کـــالانو کەمبـــەرەی دەخەنجەری
سوارو ! ئەگەر رووی خو وەر بگیری روژی حەلاوە لایی ،
شیر لیك دانی ، رووی خو وەر بگیری ،
لەسەدو پینجە سواری ( مەوالیان ) ،
لیت حەررام بی گفتو گو لەگەل جوت شەمامەی باخەلی !!

★ ★ ★



هەوالنامەی کتێب

سەری من دیشی ، دلی من بەچەنە ، چەندی بەچەنە چەنە
لەبوت هەل دەلیم بەزینەتی ئاسمانان ،
بازو شەهینن ، شالو شەمقارن ،
مراویە کانی پەرروبال کورکنە •••
لەپاشی سواری ( سعید بەگی بنی عەلەمان ) ،
لەمن حەررام بی قسەو ئاو دەنگی گەل دەستە خوشکان ،
کلو هەرامە دەرمانو خەنە •••

★ ★ ★

سەری من دیشی ، دلی من قەت راناوەستی •••
هەرچی جوابی سواری سەفەری سەعید بەگی بنی عەلەمان ،
لەبو من بینی ، بەساغو سلامەتی دەی دەمی :
خلخالی لەپی یان ، دوگمەی لەزی یی ، کەمەرەی لەپشتی ،
گوارەی لەگوی یان ، خەزیمەی لە کەپوی ،
بازنی لەدەستی ، وەکی شیخەکی کامل بیتە مەملەکەتی ،
تەریقی بدا ، وەکی دەرویشەکی صادق ،
دەچمە تەوافی دەستی •••

★ ★ ★

چەندم گو : مەجوە چیایی ( شەرەفان ) مەکانی ( جندیان )
لەمن دەباری تاوەکی بارانی ، تەرر دەکا :
تیسقان ، پەلاسقان ، ئالو بژی ماخو مردە جوانی یی
ئەنگو وەرن خرر بینەوە عامی مەقلوقی نە ،
بکەین شینی ، واوەیلی ، قولی ، گەردەشی ،

مەیتی عارەب سواری بنین لەداری ررمان ،
بی پیچن بەشا کەزیان ...
بی بەینەوە ( پیر داودی ) گوچان کەسك ،
تەسلیمی بکەین بەخاکی ...
نەکو بلین سوار بیکەس مایە لەوولاتی غەریبیان !!

* * *

لیرە دا مقامیکی تر هەیە بەناوی ئایشە گول وابزانـــم لەگەل ئەو ئایشە گولە جیا وازە ررەنگە بویژ یارەکەی ناوی ئایشە گول بوو بی ، ( سیوە دیانی کویی ) بە مقام ئـەی لیت زور جار رەنگە ئەو ئایشە گولەی کەباسمان کرد ئەوە نەبـی والیرە تەنیا چەند بەندیکم دەست کەوتوە کە ( سمایل پوستـــەچی کویی ) لە بەغدا پیی وتم ونووسیمەوە :

* *

ئایشە گولی ، گولە جوانی
سینگ سپی مەمك فنجانی
چاو رەشی ئەبرو قەیتانی
داك حدودی ، باب ساشەیوانی
پسیارەکی لەتو دەکەم گولە خانی :
ـ قەدی توم بو وا باریکن ؟ ـ لەبەر کەمبەرە لیدانی !
ـ سینگی توم بو وا سپیە ؟ ـ لەبەر شەوی شەو گەوزانی !
ـ رومەتی توم بو وا گەچلایە ؟ ـ لەبەر شەو راموسانی !!
ـ پرچی توم بو وا ئالن ؟ ـ لەبەر خەنە لیدانی !

* * *

ئەمن حەسودی نابەم بە ( حەماغای کویی )
ساحیبی بیست جوگە ئاوو بیست میگەل مەرری بەر بەرانی
حەسودی دەبەم بەگولەکەی میردان ،
شەوی لەسیباری شەوی دا
لەگەل ئایشە گولی دەکا راموسانی !!

★ ★ ★

ئەمن حەسودی نابەم بەشیخەکەی عارەبان
ساحیبی پینج هەزار سواری •••
حەسودی دەبەم بەگولەکەی میردان
کە شەوی لەسیباری شەوی دا
دەکا ددسـت لەملانی !!

کەوالنامەی کتێب

## سەربازی رەزا شا !

مانگی حـەوت قـران
روژی دوو شـایی !
چی بدەم بـە قـەنـدو
چی بدەم بە چـایی !

# بەیتی باپیراغای مەنگور

هەلبەستی ئاورەحمان بەکری موکری
لەنامیلکەی ـ اوسکارتمان وەرگیراوە

گوی رادیرن دیوانە
گوی‌و لەمن بی دیوانە
سی شەوو سی روژانە
بوو بکەم مەدحی شیرانە
دولابی موکریانە
کاغەز چوو بو عیلانە
بی رەشی رەسول ئاغانە
دەگەل حەمەد شینانە
رابەریان ئارەحمانە
چولیان کرد باگردانە
بەعزەتی سوبحانی
سبحی دەگەل بەیانی
لەشکری باپیر خانی
رەنگ وەزیری رومیانی
سوار بوو لە باگردانی
. . . . . . . . . .
مەنگور دەمیو جاغی

پیاو بوون لەسابلاغی
تەدارەک بو مەراغی
بو مەراغی رەوانە
سی شەم سەری هەموانە
بەسی شەموی پرر هونەر
باپیر ئاغای پرر جگەر
بداقخان بوو دەستبەر

لەسابلاغی چوو بوە دەر
دەلی هیچ پرچت نایەنە بەر
خالق ساحەب سەفایە
پرچی دەوی دونیایە
بەئومیدی ئەو خولایە
لیان دا دەهولو زورنایە
ئەسپیان هاتە سەمایە

زور خوش بوو دەعوایە
هەمید رسول اللّٰەیە
ئەو کارە واپیک نایە
هات گەییە فەقرەقایە
لیان دا دەهولو زورنایە
حەود سەد کەس راگیرایە
زەوقی باپیر ئاغایە
لیدە لەتەپلی شایە

هەواڵنامەی کتێب

شوکر وەبەر خــــولایــــە

مەکوژن ســــەیدو مـەلایـە

قورعانیان دەسنگی دایــــە

هات گەییە خــــاتون بــاغی

باپیر ئــاغــای قوچــاغی

دەگەل خــانی ســــابلاغی

سەیری کەیفو دەمـــاغی

چوو لـــەعەجەمی یاغی

باپیر ئاغای خال لــــەروو

بەروژی سی شـەموو چــوو

عام خەلقی چــاو لەدوو

چاویان لی کرد بەفەنـــدی

هات گەییە وەکیل کەنــــدی

حەوسەد سوارەی لەرەنـدی

سبحینی چیشت هـــــەنگاوە

قاســـیدیان دەگــــــەراوە

چی ماوە دەنگیــــــان داوە

قوشەن نەبوە تـــــــەواوە

تەگبیریان لی روو نــــاوە

ســــبحی بـــەیــانی داوە

ئەغــــلەب رمب نەزەریــە

یەك لە ســەتی کەم نیـە

بی تیپی مەر نـــەکەنـــان
بەوە عـــەقلـــم راچـــەنـــان
بزانین مصلحت چیە
مەقســـــودیان گـــورانـــــە
سولیمان بەخـــوو بەبرانـــە
رایان کردە جلیتـــانـــــە
مەسلەحتی هـــــەموانـــــە
بچین بوسەر عەجەمـــانـــــە
راپەرن بدا قخـــانـــــــە
مەراغـــە بـــکەین ویرانـــە
بین رونیشـــــین لیرانـــــە
مودەبیر کـــاك ســـلیمانـــە
چونکە گەورەی عیـــلانـــە
ئـــیرە دەبی ویرانـــــــە
مارەیان بکەین ژنـــانـــــە
ایدی چلونە ســـەوزی خانـــــە
• • • • • • • • •
هوی ســــولیمان خــــەزالی
نـــەوەی روســــــــــتەمی زالی
حەود قوبەی لە مـــــەتـــالی
پیم نەلین تو منــــــــــــدالی

لە جلیتی نەکرد خالی
وەك هەورانی بەگەوالی
دەکوژین مالو تفالی
درەنگە ری مەکەن خالی
گەیە اللەو ئەکبەری
لینگی دا پیش خانی بەمشوری
دەلیم خانە ئەتو کویندەری
نوسەد سوار بەدەفتەری
دەلیم خانە لە رحیم بویە مشتەری
لەبو مەراغەین بەری
بو مەراغی بردە خوار
یا بینای پەروەردگار
بەزار خوشە نوسەد سوار
هەم رەحمبەرو جەبار

ئیزراعیل بوو جلەو دار
بو مەراغی بردە خوار
بو مەراغە راکشان
وورشە وورشی کەمبەران
بینی مشکو عەنبەران
فندی پەپاغ بەسەران
قەتن نابی گوزەران

قەت نـــان بی گوزەرانـــە
عەجەم زور بی ئیمانـــە
لین تیك دەدەن مـــەکانـــە
ســـەرن دەبررن لیرانـــە
( خدراغای ) نەوجـــەوانـــە
چووە سەر خـــانی بەرمبـــانـــە
بابە لی دەم ئەمانە
باپیر ئاغـــا دەلیتن کـــاکـــا
کەس ئەوی مصلحتی نـــاکـــا
بو داغم دەگـــەل پاکـــا
هیچ دهویین لی نـــاکـــا
تەگبیران بـــکەیـــن چاکـــە
جیـــگا کەن زور غەمناکـــە
عەجەم یەك جار هیلاکە
عەجەم هـــەلاکـــو زور زانـــە
چوە سەر خانی بەرمبانـــە
دەلی بابە لی دەئەمانە
بانگم وەبەر پاشای لـــەژوور
خانی نـــاردنی دوور بەدوور
( بلباس )(١)هاتن بە جەمبـــوور

(١) بلباس : خیلیکە لە کوردستانی عراق بەزوری لەدەشتی
بتوین دائەنیشن •

رانك رەشی چەكمە ســوور
خانی ناردنی بەحوجــەتـــە
بلباسان تالحاو بەختــــــە
بــــەسی رەختی دەزەردە
كاكە رەشی نــامــــەردە
هاتــە خواری لەســـەر دا
ئیـــمانی پی بوو هـــەردا
( مەنگور ) دەرمب جولانـــە
چاویان كـــەوت بەزیرانـــە
وەژوور كەوت یەكانـــــە
چەند شوشـە پرر دەرمـانـە
چەندی شیشـەو شـــەرابـە
عەجەم بوون بەجـــەلابـــە
( موكری ) بوون بەقـەسـابـە
هیچ كەسی وای لی دەرنـابـە
چلون دەبی ئـــەو حســـابە
هەمووی مەستی شـــــەوابـە
والیی دەرنابـا كـــەســـە
خالق توی فەریـــاد رەســـە
مــەرگ بـــەهـــەرە وەزە
بو داخـــان لیی بوو قـــەزا
ریكی دەدان بەخەزا

تایفەی خـــان باپـــیری
ریـکی دەدان بەشــــیری
بـــو بەخـــانـــە بـگیری
اسلام قرر بوو بەشـــــیری
بەشـــیری قرر بوو اســـلام
تیبـــان دابوو قتـــل‌و عـــام
قەتـــل‌و عامیـــان تیـــدا بوو
سلیمان بەخوو بەبرایـــان بوو
ســلیمان بەخوو بەبرانـــــە
دەر دەچوو لـــە دەر بانـــە
ئەگەر لەدەربـــان دەرچـــوو
چوارو پینجی کەوتـــە دوو
خەلاس بوونی بو نەبوو
لەو کـــافری دەمـــەلعـــونـــە
بو رمبی دەسی ســـــونـــە
بەداســـــــی کرتـــووە
هەر وەك گـــەنمان دەدرونەوە
هەر وەك گەنم ســـوالـــە
دەخـــوینی دا شـــــەلالـــە
بلباس حالت بی حالـــە
لـــــەو لای بی شـــیرە خرە
توپیـــان لی دا بـــەگـــــورە

حەوتی لی بوون بەووره
دەنگی لەئەرزی برە
ئافەرین وەستای خەرات
دەست بەخەنجەری دەدات
حەوت مالی کرد بەربات
وەستا عەزیزی هندو
لەبەر گرکی دا چوو
یەکی لی خەلاس نەبوو
خەنجەری شامو تەشو
هوی وەستا عەزیزی
حەوت مال بەوجاغ کویری
هەر یەکیکیان دەبویری
ئاوەتی جەزایەری
دابوی لەتیلی سەری
ئەویشی کرد بی بەری
کوا مرزنگ کوا ئومربل
شورە سواری شلو مل
لەکولانان بوونە جل
بوونە جل لەکولانان
لەشی دەوان نەو جەوانان
کەوتبوون لەکولانان

لەکولانـــــان‌و کەنـــــــاران
لەشـــی دەشـــورە ســـــواران
وەك بزانـــــــــگی دەداران
سەریان گـــەیـیـــە حەســـاران
لەحـــــەســـــاری دەوا کـــرد
لەبلباسی دەوا خـــــــــورد
لەش‌و کـــــــەلەش بون بەپرد
عەجــــــەم بەســـەردا رابرد

★ ★ ★

هەرکەس میوانی خوی کوشت ، بەدەهول‌و زورنـــــا
هاتنە سەر باپیراغای ، جا باپیراغا لەبداخانی پرسی :

لەباپیراغـــای جندیــــــــــە
لەبداخانی پرســـــــــــیە :
خـــان ئـــەو قولە قولە چیـــە
دلی باپیر شوگایی یـــــــــە
ئەو دەهول‌و زورنـــاو شاییـــە
ئەوە پیشـــــەی تورکیــــــە
زەوق لـــەبو خەلقیـــــە
روژیك لـــە روژاوایــــــــە
خان باپیر لـــە ســــــــەرایە
ئاوری توپ خانـــە یان دایــە

زەلیـــل باپـــیراغـــایـــە
لیره هیچی بوپیك نایـــە
خدر شـــوریان هـەلنــاوە
لەپیش بـابی راگـــــیراوە
حەمە ســـور بەچــەلــەنگی
وەك شەمامەی حەوت رەنـگی
هەلیان ئەشکاو تاســنگی
کور لەســەر ســنگی بابی
لی یــــان دا بــــەجــــەلابی
توقەت موســلمان نابی
ســـبحینە علی الســـحر
کوەیتو بـوزو ســـەقــەر
لەخاو یـــان هینـــــا دەر
لی کــەن زینی محتەبـــــەر
توندی بکیشن تەنگەو بــــەر
پیی نا لەرکیف کەوتە ســـەر
سوار بەپی پەپاغ بەســـەر
پەپاغ بەســـــەر ســـواربی
خیـــلی فەقیرو هـــــەزار بی
موکری هـــەروا داغ داربی
هـــەرهـــا وارو لیدان بی



هەواڵنامەی کتێب

هەر هاوارو لی دانە
بی سەر دارو خیزانە

دەلیی مەری بی شوانە
پەخش بون لەزەویانە

دولابی بەگ زادانە
سەر کردەی موکریانە

خراپ بون ئەو کارانە
بەقری دان موسلمانە

یەکیان نەمان ئەوانە
هومید بوداخ سولتانە

قەبول نەکا لەوانە
بوچ بەدینی غەیانە

واکرد بو عەجەمانە
پییان نەکا بتمانە

غەلیزن ئەو سەگانە
نەمرە ئەو بداخانە

ناترسی لەگورخانە
چییان کرد بەو بەستە زمانە

مالە خوی کرد ویرانە
کەسی نەیەشت لەعیلانە

رەبی سەد جار شوکرانە

هەواڵنامەی کتێب

چونکه پیش کاری شەیتانە
دەس هەل گری لەو کارانە
هاتو گەیە کاریزی
منالی پرر بەئامیزی
ئەخسیر چوونە تەوریزی
هاتو گەیە ( دریازی )
مەحبوبیان بژارد لەرازی
هاتە خوار لەلاچینی
لەت بی لەنیوی زینی
لەبلباسی بەقینی
برایم ئاقای بی لەسەر دا
تاقە سواری بی گەردا
خیزانی دیکە دی وەردا
دیکە دی وەردا خیزانە
حسن بەکر ئاقانە
میردی روژی تەنگانە
بەری هەل نەدا گورانە
مەلا رەسول بی فەرە
دەپیش بداغی گەرە
خانە بەسی بی ئەو شەرە

هەواڵنامەی کتێب

# له ناميلكه كانى نووسه‌ر

(١) ناسرو مال مال
(٢) حه‌سه‌ن‌و مریه‌م
(٣) ويستم ژن بينم
(٤) له مابه‌ینی شه‌رو ئاسايش
(٥) ده‌نگی جه‌زاير
(٦) سه‌ره‌تا یه‌ك له میژووی میلله‌تی كورد
(٧) گولی ناكام
(٨) شورشی چوارده‌ی ته‌موز
(٩) خانزادو له‌شكری
(١٠) قه‌لای دمدم
(١١) فولكلوری كوردی (به‌شی یه‌كه‌م)

ناميلكه عه‌ره‌بیه كان

(١) كيف اصبحت اديبا
(٢) اناشيد الشبيبة
(٣) القصة والاساطير في الادب الكردي
(٤) من روائع الادب الكردي
(٥) لمحات من الادب الصيني
(٦) الاكراد الفيليون في التأريخ
(٧) تلألأ النور من بين الظلام
(٨) الاكراد في الاتحاد السوفياتي

هەزارنامەی کتێب

(٩) كردستان المناضلة

(١٠) قصة وقصائد من الادب الكردي •

(١١) سیابەندو خەجەزەر

ئەو نامیلکانەی کە تائیستێ چاپ نەکراون بە کوردی

(١) دەبەش لە فولکلوری کوردی کە (٢) هـــەزار لاپەررە

(٢) دیوانی احمد مخلص

(٣) قەلای ئاوە گرد

(٤) سیکەنەو سەرخان

(٥) قەلاچوی موکری

(٦) شورشی جەلالیان

(٧) شورشی سمکو

(٨) دیوانی ووردی (٤٠٠) لا پەررە

(٩) ژیانی هەژار

(١٠) بی ئیش

(١١) لەریگەی ئازادی

(١٢) تریفە

(١٣) تیشکی کوردستان

وە گەلی نووسینی تر بەعەرەبی و کوردی

هەواڵنامەی کتێب

# فولکلوری کوردی

* بریتیه له (۲۰۰۰) لاپەرره بەش بەش چـــــاپ ئەکریت

* بەیتی ئاورەحمان پاشای بەبە بەشی دوەمی فولکلوری کوردیە چاوە نوار بن

هەواڵنامەی کتێب

نرخی – ۷۰ فلســـ

چاپخانەی – دار التضامن – بەغدا – تەلەفون
۱۹۶۱